# ڕستەی شوێنکەوتووی ئەنجام و ڕستەی شوێنکەوتووی ئاگادارکردنەوە

د. بەکر عومەر عەلی / زانکۆی سلێمانی / کۆلیژی زمان

## پێشەکی :-

نووسەران و ڕێزماننووسانی کورد هەر لە سەرەتاوە بایەخێکی تایبەتییان داوە بە ئاستی ڕستەسازی و چەندان بەرهەمی بەپێزو زانستییان لەم بوارەدا ئەنجامداوە.

هەندێ لەو بەرهەمانە تایبەتن بەلایەنی واتایی ڕستەکانی زمانی کوردی و دیاریکردنی جۆرەکانی، هەندێکی تریشیان لە ڕۆنانی ڕستەی کوردییان کۆڵیوەتەوەو ژمارەیەك ڕستەی لێکدراوو ژمارەیەك ڕستەی شوێنکەوتوویان تۆمارکردووە.

گرنگی باسەکە:-

### گرنگی ئەم باسە لەوەدایە کە :-

١- ئاوڕدانەوەیەکە لە هەندێ لەو ئامرازانەی کە مەگەر تەنیا ناویان هاتبێ لە کارەکانی پێشوتردا، هەروەها هەوڵێکیشە بۆ دیاریکردنی شوێن و ئەرکیان لەناو ڕستەی ئاسادەدا.

٢- دیسانەوە هەوڵێکیشە بۆ دەستنیشانکردنی جۆرێکی تری ڕستەی شوێنکەوتوو لە زمانی کوردیدا.

٣- هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەنگاوێکە لەگەڵ هەموو هەنگاوەکانی تردا بۆ نووسینەوەی ڕێزمانی کوردی.

## سنووری باسەکە :-

ئەم باسە تایبەتە بە ئاستی ڕستە سازی کوردیو لەو سنوورەش تێناپەڕێ.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :-

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی گیراوەتەبەرو، نموونەکان لەزمانی ڕۆژانەی ئێستای کوردییەوە هەڵهێنجراون.

## سەرەتا :-

لێرەدا واپێویستدەکات کە زۆر بە کورتی ئاماژە بەناوەڕۆك و ڕۆنانی ڕستەی کوردی بدەینو هەندێ دیاردەی تری ئاستی ڕستەسازی کوردی ڕوونبکەینەوە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەم باسەوە هەیە.

ڕستە بەپێی مەبەستو ناوەڕۆك (١)




ئەوەی شایانی سەرنجە ئەوەیە کە لە م دواییەدا (قیس کاکل) لەم بارەیەوە لە نامەی ماستەرەکەیدا[1]، بەتێرو تەسەلی لەمەبەستو ناوەڕۆکی ڕستەکانی زمانی کوردی کۆڵیوەتەوەو سەرکەوتووانە ئەوەی بۆ سەلماندوین کە ڕستەی کوردی لەڕووی مەبەستو ناوەڕۆکەوە زۆر فراوانترەو چەندان نموونەی هێناوەتەوەو ڕوونیکردۆتەوە کە ناوەڕۆکی ڕستەی کوردی چەندان مەبەستی دی دەگرێتە خۆ وەك: هەڕەشەکردن ، هەڵخەڵەتاندن ، فێڵکردن ، ستایشکردن ، خۆبردنە پێشەوە ، دوعاکردن ، تووڕەکردن ، ڕازیکردن ......

- خۆم دەزانم چیت لێدەکەم ⟵ هەڕەشەکردن
- خوایە بمانپارێزی ⟵ دوعاکردن

- ئازاد کوڕێکی چاکە ←——— ستایشکردن

- بەڕێزتان لەزۆر بواردا وێنەتان نییە ←——— خۆبردنە پێشەوە

### ڕستە بە پێی ڕۆنان و پێکهاتن (٢)




**أ ) ڕستەی لێکدراو :-**

١- پەیوەست - نامەکە بخوێنەرەوە و وەڵامم بدەرەوە

٢- جیاکەرەوە - بانگیان نەکردیت یان خۆت نەهاتیت

٣- پێچەوانەیی - دەچم بۆ ماڵیان بەڵام تۆنابەم

**ب ) ڕستەی شوێنکەوتوو :-**

١- دەرخەری - ئەو پیاوەی کە سڵاوی لێ کردین دراوسێمانە

٢- کاتی - کە گەیشتمە هەولێر باران دەباری

٣- هۆیی - ناچم بۆ سەیران چونکە تاقیکردنەوەم هەیە

٤- پێچەوانەیی - هەرچەندە زۆریش دەخوێنێتەوە کەچی نمرەی باش ناهێنێت

٥- مەرجی - دیاریت بۆ ناکڕم ئەگەر دەرنەچیت

٦- نیاز و مەبەست - هاتم بۆ ماڵتان بۆ ئەوەی کتێبەکەم بدەیتێ

٧- پێوانەیی - ئەوەندەم خوێندۆتەوە سەرم دەیەشێ

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە کارەکانی (کوردستان موکریانی)[٢]، لەم بوارەدا لەبەرچاوان و (بەکر عومەریش) نامەی ماستەرەکەی سەبارەت بەڕۆنان و پێکهاتنی ڕستەی نادەو ئامرازەکانی بەستنە.

لەگەڵ هەموو ئەو توێژینەوانەدا ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە:-

١- تائێستا تەواوی ئەو ئامرازانەی بەشداری پێکهاتنی ڕستەی لێکدراوو ئاڵۆز دەکەن دەستنیشاننەکراون و هەروەها سەبارەت بەهەندێکیشیان، بیروڕای جیاواز هەیە.

٢- چەندان جۆری دی ڕستەی لێکدراو ئاڵۆز (شوێنکەوتوو) دیارینەکراون، وەك ڕستەی شوێنکەوتووی ئاگادارکردنەوە.

٣- هەندێ جۆری دی بەتێرو تەسلی لێیان نەکۆڵراوەتەوەو لەهەندێ تێبینی بەولاوە هیچی تریان لەبارەوە نەوتراوە، یان زۆر بەکورتی باسیان کراوە، وەك ڕستەی شوێنکەوتووی ئەنجامی.

٤- هەندێ پرسیاریش تائێستا بێ وەڵام ماونەتەوە بۆ نموونە لەنووسینو توێژینەوە کوردییەکاندا ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانەییو ڕستەی لێکدراوی پێچەوانەیی دیاریکراون، بەواتای ئەوەی هەم شوێنکەوتووی پێچەوانەییو هەم لێکدراوی پێچەوانەیی هەیە، کەچی سەبارەت بەجۆرەکانی تر هیچ نەوتراوە، بۆیە لێرەدا دەپرسین ئایا ناشێ بەهەمان شێوە ڕستەی شوێنکەوتووی کاتیو ڕستەی لێکدراوی کاتیشمان هەبێت، ئایا ناشێ وەك ئەوەی ڕستەی شوێنکەوتووی مەرجیمان هەیە، بەهەمان شێوە ڕستەی لێکدراوی مەرجیشمان هەبێ، ئایا ناشێ وەك ئەوەی ........

## جووتە ئامراز:-

لەسەرەتادا ئاماژەمان بەهەندێ دیاردەی ئاستی ڕستەسازی دا، کە ناومان ناوە جووتە ئامراز. ئەوەی لەڕستەی ناسادەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە هەندێ جار ئامرازێك دووبارە دەبێتەوە:

- یان دابنیشە یان بڕۆ

لەمەش فروانتر ئەوەیە کە زۆربەی کات دوو ئامرازی جیا لەیەکتر، لەڕستەیەکی ناسادەدا پێکەوە دێنو ئەم دیاردەیەش لەزمانی کوردیدا نەك هەر زۆر ئاساییە بەڵکو زۆر فراوانیشەو لە ڕاستیشدا هەموو ئامرازەکان بەجووت، واتە پێکەوە دێنو لەم دیاردە زمانییەدا بەشدارن، وا لێرەدا بەچەند نموونەیەك ئەم دیاردەیە ڕووندەکەینەوە:

- نەك هەر سڵاوی لێنەکردین بەڵکو سەیریشی نەکردین
- کە هەڕشەم لێکرد ئیتر فزەی نەکرد
- هەرچەندە زۆریش کۆششی دەکرد کەچی هەر بێسوود بوو
- لەبەرئەوە نەهاتم چونکە بانگ نەکرابووم
- بۆیە پێت دەڵێم کاکە بۆ ئەوەی چۆلەکەم بۆ بگری

ڕستەی شوێنکەوتووی ئەنجام:-

لەهەندێ لەو بەرهەمانەدا کە تایبەتن بەڕێزمانی کوردیو ئاستی ڕستەسازی، ناوی ئەم جۆرە ڕستە شوێنکەوتووە هاتووەو بەکورتی باسیکراوەو ئامرازی (بۆیە)ش وەك ئامرازێك بۆ گەیاندنی ڕستەی شوێنکەوتووی ئەنجام بەڕستەی سەرەکی دەستنیشانکراوە.

١- ابراهیم عزیز، لەوکتێبەیدا کەتەرخانی کردووە بۆ ئامرازە سینتاکسییەکان دەڵێت ((ئەم ئامرازە دەتوانێت ڕستەی شوێنکەوتووی تەسلیمی بگەیەنێتە ڕستەی سەرەکی))[٣].

٢- کوردستان موکریانیش، زۆر بەکورتیو بەچەند دێڕێك لەم جۆرە ڕستە شوێنکەوتووە دواوە:

((پەیوەندی ڕستەی شوێنکەوتووی ئەنجام لەگەڵ ڕستەی سەرەگیدا بەهۆی ئامرازی گەیەنەری (بۆیە ، لەبەرئەوە ، لەما)یە))[٤].

ئەوەی جێی باسە، لەهەموو ئەو کارانەدا، ناوی ئامرازێکی وەك (تومەز) نەهاتووە و، دیسانەوە باسی ئەوەشی نەکراوە کە ئامرازەکانی (بۆیە و تومەز) ، (بۆیە و چونکە) لەڕستەی ئاڵۆزدا، زۆربەی کات بەیەکەوە دێن.

## ئامرازی تومەز:-

هەندێ لەزماناسان ناویان هێناوەو [٥] هەندێکی تریش ناویان نەبردووە[٦].

ئێستا بانموونەکان خۆیان بدوێنو بزانین چیمان پێدەگەیەنن:

- بۆیە نەهات تومەز درەنگ لەخەو هەڵسابوو
- تومەز ئاوا یاریدەکەن بۆیە دەیدۆڕێنن
- تومەز لێمان زویر بووە بۆیە بەخێرهاتنی نەکردین
- بۆیە نەخۆش کەوتووە تومەز زۆر هەڵپەڕیوە

نموونەکان ئەوە دەردەخەن کەئەم ئامرازە بەشداری پێکهاتنی ڕستەی شوێنکەوتووی ئەنجامی دەکاتو زۆربەی کات لەگەڵ ئامرازی (بۆیە)دا پێکەوە دێن.

(کات) لە ڕستەی شوێنکەوتووی ئەنجامیدا:

ئاشکرایە لەڕستەی ناسادەدا، ڕستەیەکی سەرەکیو ڕستەیەکی شوێنکەوتوومان هەیە، بەو پێیە دەبێت دووکردارمان هەبێت.

لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە ئایا کاتی ڕوودانی ئەو دوو کردارە دەشێ وەك یەك بن، یان کاتەکان جیاوازبن.

لەنموونەکانەوە ئەوەمان دەستدەکەوێ کە کاتەکانیان دەشێ وەك یەك بن و لەهەمان کاتیشدا دەشێ جیاواز بن:

- بۆیە نەهاتبوون تومەز ماڵەکەیان نەدۆزیبۆوە

دوور      تەواو

- ئەمە بۆیە دەرناکەوێت تومەز کەتنی کردووە

ڕانەبردوو      تەواو

- تومەز تۆ ڕازی نەبووبوویت بۆیە نەهاتبوون

دوور      دوور

- ئەمە بۆیە یاری نەکرد تومەز باوکی ڕێگەی نەدابوو

سادە      دوور

- ئەمە بۆیە باش یاری نەدەکرد تومەز لەگەڵ تیپەکەی تردا ڕێکەوتووە

بەردەوامی      تەواو

یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی ڕستەی ئاڵۆز ئەوەیە کە ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەووتو بەئامرازەکانەوە پاش و پێش دەکەن:

- <u>ئەگەر هاتیت</u> <u>کتێبەکەم بۆ بهێنە</u>

ڕستەی شوێنکەوتوو      ڕستەی سەرەکی

مەرجی

- <u>کتێبەکەم بۆ بهێنە</u> <u>ئەگەر هاتیت</u>

ڕستەی سەرەکی      ڕستەی شوێنکەوتووی

مەرجی

- تاخۆت ماندوو نەکەیت، دەرناچیت
- دەرناچیت تاخۆت ماندوو نەکەیت

ڕستەی شوێنکەوتووی ئەنجامیش بەهەمان شێوە، ڕستەی سەرەکیو ڕستەی شوێنکەوتوو بەئامرازەکەوە جێگۆڕکێ دەکەن:

- بۆیە خۆی دەرناخات، تومەز قەرزارە
- تومەز قەرزارە، بۆیە خۆی دەرناخات
- تومەز تووڕەیان کردووە بۆیە زوو ڕۆیشت
- بۆیە زوو ڕۆیشت تومەز تووڕەیان کردووە

**ڕستەی شوێنکەوتووی ئاگادارکردنەوە:-**

دەتوانین بەدڵنیاییەوە ئەوە ڕابگەیەنین کە ئەم جۆرە ڕستە شوێنکەوتووە بەدەر لەم کارە لەهیچ کارێکی تردا ناوی نەهاتووەو بەهیچ جۆرێك، باس و لێکۆڵینەوەی بەخۆیەوە نەدیوە.

سەرەتا دەبێ ئەوە ڕوونبکەینەوە کە ئەم ناونانە واتە (ئاگادار کردنەوە) لەچییەوە هاتووە؟. ئەم ناونانە، وەك جۆرەکانی دی لەو واتایەوە دێت کە ڕستە شوێنکەوتووەکە دەیگەیەنێت:

- بازمەدە با نەکەویت
- بازمەدە (نەوەك ، نەوەکوو) بکەویت.

بەوردبوونەوە لەواتای نموونەکان (ئاگادار کردنەوە)ی بەئاشکرا تیادا دەردەکەوێت، واتە بەرگرتن لە ڕوودانی کارێك، چونکە ئەگەر کارەکە ڕوویدا ئیتر ئاگادار کردنەوە سوودی نابێت.

**ئامرازەکانی ڕستەی شوێنکەوتووی ئاگادار کردنەوە:-**

**١- ئامرازەکانی (نەوەك ، نەوەکو):**

- دانیشە (نەوەك ، نەوەکوو) بتبینن



- وانەکانت باش بخوێنەرەوە { نەوەکو / نەوەك } بکەوی

ڕستەی سەرەکی ← → ڕستەی شوێنکەوتوو

-وانەکانت باش بخوێنەرە { نەوەك / نەوەکو } دەرنەچی

## ٢- ئامرازی (با):-

- ئەرکەکانت جێبەجێبکە با نەکەوی

ڕستەی سەرەکی ← → ڕستەی شوێنکەوتوو

ئەرکەکانت جێبەجێبکە      با نەکەوی

نموونەکان بەڕوونی پێمان دەڵێن ئامرازەکانی (نەوەك ، نەوەکو ، با) چالاکانە ڕستەی شوێنکەوتووی ئاگادار کردنەوە دەگەیەنن بەڕستەی سەرەکی.

هەرچی پەیوەندی بەجێگۆڕکێی ڕستەکانیشەوە هەیە، ڕستەی شوێنکەوتووی ئاگادارکردنەوەی وەك هەموو ڕستە ئاڵۆزەکانی دی، ڕستەی سەرەکیو شوێنکەوتوو بەئامرازەکانەوە پاش و پێش دەکەن:

- خۆت ماندوو بکە با دوانەکەویت
- با دوانەکەویت خۆت ماندوو بکە
- خۆت ماندوو بکە (نەوەك - نەوەکو) دوابکەویت
- (نەوەك ، نەوەکو) دوابکەویت، خۆت ماندوو بکە

بەنموونەکاندا دەگەینە ئەم چەند سەرنجە:

١- کرداری ڕستەی سەرەکی دەبێت لە حاڵەتای (فەرمانی ، داخوازی)دا بێت.

٢- لەگەڵ ئامرازی (با)دا، دەبێت کرداری ڕستەی شوێنکەوتوو لە حاڵەتی ناکردندا (نەرێ)دا بێت، بەڵام لەگەڵ ئامرازەکانی (نەوەك ، نەوەکو)دا، ئەمە مەرج نییە.

٣- وەك ئاشکراشە، فەرمانەکە ئاڕاستەی کەسی دووەم دەکرێت.

پێشووتر ئەوەمان ڕوونکردەوە کە لە زمانی کوردیدا ئاساییە ئەگەر دوو ئامڕازی جیا لە ڕستەیەکی ناسادەدا پێکەوە بێن، هەر لەم بارەیەوە دەبینین کە هەردوو ئامرازی (با - نەوەك ، نەوەکوو) زۆر ئاسایی و زۆرجار لەڕستەیەکی ناسادەدا پێکەوە دێن:

با بنوێت نەوەك ئێمە دوابکەوین

نەوەکوو دڵیان بیەشێت با سەرێکیان لێ بدەین

با سەعێەکەمان بکەین نەوەك میوانمان بێت

**ئامڕازی بۆ ئەوەی:-**

ئەم ئامرزە لە بنەڕەتدا تایبەتە بەپێکهێنانی ڕستەی شوێنکەوتووی نیازو مەبەست:

- پارە کۆدەکەمەوە بۆ ئەوەی سەفەر بکەم.
- دەچم بۆ کتێبخانە بۆ ئەوەی بخوێنمەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کەئەم ئامڕازە بۆ نیازو مەبەست بەکاردێت بەڵام هەندێ جاریش بۆ مەبەستی ئاگادارکردنەوە بەکاردێت:

- سەعێکەت بکە با نەکەویت

ڕستەی سەرەکی ڕستەی شوێنکەوتوو

- سەعێکەت بکە بۆ ئەوەی نەکەویت

ڕستەی سەرەکی ڕستەی شوێنکەوتوو

بەکارهێنانی ئامڕازێك بۆ دوو مەبەست، لە زمانی کوردیدا ئاساییەو دیاردەیەکی بڵاوە، بەواتایەکی‌تر ئەگەر چی هەر ئامڕازە ئەرکێکی سەرەکی خۆی هەیەو تایبەتە بە مەبەستێك، بەڵام هەندێ جار بۆ مەبەستی تریش بەکاردێن:

- ئازاد هات تا تۆ ببینێ

↓

بۆ ئەوەی ←── بۆ نیاز و مەبەست هاتووە

- قسەم نەکرد تا تۆ ڕێگەت دام

↓

تا کاتێك ←── بۆ کات گەیاندن هاتووە

- ئەمەوێ بخەوم بەڵکو بەیانی زوو هەڵسم

↓

بەشکو ←── بۆ نیاز و مەبەست بەکارهاتووە

↓

بۆ ئەوەی

- نەك هەر سڵاوی لێ نەکردین بەڵکو سەیریشی نەکردین

↓

واتای پێچەوانەیی دەگەیەنێت

لێرەدا دەبێت ئەو تێبینی‌یە تۆمار بکەین کە ئامڕازەکانی (نەك ، نەوەك ، نەوەکوو) هەموو کات لە مەبەستی ئاگادارکردنەوەدا لەشوێنی یەك بەکاردێن‌و بەکارهێنانی یەکێکیان‌و پشت گوێ خستنی یەکێکیان پەیوەندی بەخۆمانەوە هەیە، واتە بە کەسەکانەوە، هەر کەسەو یەکێکیان زیاتر بەکار دەهێنێ یان هەر جارەی یەکێکیان بەکاردەهێنن، بەگشتی دەتوانین بڵێین هەرسێکیان لە ئەمڕۆی زمانی کوردیدا بەکاردێن.

## ئەنجامەکان :-

١- لە نموونەکانەوە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئامڕازی (بۆیە ، تومەز) بەشداری پێکهاتنی ڕستەی شوێنکەوتووی ئەنجامی دەکەن.

٢- هەر لە نموونەکانەوە ئەوە دەردەکەوێت کە ئامڕازی (تومەز)، ئامڕازێکی چالاکەو بەدەگمەن نەبێ باس نەکراوەو هەقی خۆی نەدراوەتێ.

٣- ئامرازەکان (با - نەك ، نەوەك ، نەوەکوو) ڕستەی شوێنکەوتووی ئاگادارکردنەوە دەگەیەنن بەڕستەی سەرەکی.

٤- بەم توێژینەوەیە، جۆرێکی تری ڕستەی شوێنکەوتوو دیاری دەکرێ، کە ئەویش ڕستەی شوێنکەوتووی ئاگادار کردنەوەیە و خاوەنی چەندان تایبەتییە.

# پەراوێزەکان

١- بڕوانە، قیس کاکل، جۆرەکانی رستە.

٢- بڕوانە رۆشنبیری نوێ، ژمارەکانی، ١١١، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٨.

٣- ئیبراهیم عەزیز، هەندێ ئامرازی سینتاکسی، لا ٧٤ .

٤- کوردستان موکریانی، سینتاکسی رستەی سادە، لا ٨٧.

٥- ساڵح حسین، کورتەیەك لە رێزمانی کوردی، لا ٧٩-٨٠.

٦- ئیبراهیم عەزیز و کوردستان و هەورامانی و جگەرخوێن، ناویان نەبردووە.

## سەرچاوەکان


**بە کوردی:**

١- ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، هەندێ ئامرازی سینتاکسی لە زمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا، چاپخانەی علاو، بغداد، ١٩٨٦.

٢- بکر عمر علی، بەستن و کرتاندن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، هەولێر، ١٩٩٢.

٣- ساڵح حسین پشدەری، کورتەیەك لە رێزمانی کوردی، بەغداد، ١٩٨٥.

٤- قیس کاکل، جۆرەکانی رستە، نامەی ماستەر، هەولێر.

٥- کوردستان موکریانی، سینتاکسی رستەی سادە لە زمانی کوردیدا، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغادا، ١٩٨٦.

٦- کۆڕی زانیاری کورد، رێزمانی ئاخاوتنی کوردی، بەغدا، ١٩٧٦.

٧- فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، کاری رانەبوردووی ئیلزامی لە رستەی کوردیدا، ١٩٩٤.

٨- محمد معروف فتاح، زمانەوانی، دار الحكمة، ١٩٩٠.

**بە عەرەبی:**

١- احمد كمال الدين، المرجع في قواعد اللغة الفارسية، دار البحوث العلمية للنشر و التوزيع، الكويت، ١٩٧٥.

به ئینگلیزی:

1. Macarus E.N., Kurdish Grammar.
2. Halliday M.A.K., An Introduction to Functional Grammar, London, Edward Arnold, 1985.

گۆڤارەكان:

* دەزگای رۆشنبیری و بلاوكردنەوەی كوردی، رۆشنبیری نوێ، ژمارەكانی: ١١، ١٢٥، ١٣٦، ١٢٨.


## ملخص البحث

يتناول هذا البحث نوعين من انواع الجمل المعقدة في اللغة الكردية، احد هذين النوعين لم يتطرق اليها أحد بالبحث أو الدراسة، أما النوع الآخر فقد أشار اليه البعض في أسطر قليلة تكاد تكون لا تملأ الصفحة الواحدة.

في هذا البحث حاولنا أن نتناول و بشئ من الاسهاب النوعين من الجمل المشار اليهما. و جدير أن أنوه هنا الى انه و لحد الآن لم يتطرق أحد الى دراسة جميع أدوات الربط في اللغة الكردية، و قد أشرنا نحن في بحثنا هذا الى بعض منها.

و ختاماً لا بد من القول بأن هذا البحث ما هو إلاّ محاولة ضمن تلك المحاولات العديدة و التي ترمى السبر في غور اللغة الكردية و محاولة فهمها و صياغة كتابتها.



## ABSTRACT

*This research deals with two kinds of complex sentence in Kurdish language. So far, nothing has been written about the second kind and perhaps only one paper is found dealing with the first.*

*In this research, we discuss both kinds in detail, shedding light on their features. It is worth mentioning that up to this moment, there is no statistics about conjunctions in Kurdish language.*

*The research also specifies some of these conjunctions.*

*Finally, the paper is part of the many attempts to compose a Kurdish grammar.*